## دوو پرۆفیسۆر لە زانکۆی میسی سپی ئەمریکی لەدیداریکی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:

# چەکی کیمیایی راستەوخۆ پەیوەندی بە توشبوون بە شێرپە نجەوە هەیە

رۆژی1 شەممە ریکەوتی 2006/10/15 لەدیوانی وەزارەت بەرێز چنار سەعد عەبدوللا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشوازی لە هەردوو پرۆفیسۆر (ئەنوەر شێخە)و (مایکڵ دیهۆفسن) لە( زانکۆی میسی سپی ئەمریکی )کرد کە پسپۆرن لە بواری نەخۆشی شێرپەنجەدا و لەو دیدارەدا باس لەوەکرا کە لێکۆلینەوەیەکی پزیشکیدەکرێت لەسەر قوربانیانی شاری هەڵەبجەی شەهیدو ئەگەرەکانی توشبونیان بەم نەخۆشیە لە ئاکامی بەرکەوتنیان بەو چەکە کیمیاییەوە و هەردوو پرۆفیسۆر ئەوەشیان رونکردنەوە کە ئەوان لەروی زانستیەوە دەیانەوێت بیسەلمێنن کە چەکی کیمیایی راستەوخۆ پەیوەندی بە توشبوون بە شێرپەنجەوە هەیە.

لەلای خۆشیەوە بەرێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان وێرای سوپاسکردنی ئەو بەرێزانە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە خێرخوازیە هاوکات ئامادەیی و پشتیوانی وەزارەتی دەربری بۆ هەموو ئاسانکاری و پشتگیرییەك لە پرۆژەکەیان و بریارە ئەو پسپۆرانە بەیاوەری شاندێکی وەزارەت سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهید بکەن بۆ لێکۆڵینەوی بەردەوام و هاوکاریکردنی توشبوانی ئەو نەخۆشیە بۆ چارەسەرکردن .